# رەوسە بڕکردن

دوای ئەوەی تارمەی خەرمانی وردەکوت کراو (کاودان) رووەو بایەک (شەماڵ یا هوڕە) بۆ شەنکردن هەڵدەبەستریت، شەن و کەو دەکریت و خەرمانی گەنمەکە بە تەواوی خاوێندەکرێتەوە، ئەوکاتە (رەوسە)ی پێ دەڵێن: چەند کەسێک بەیەکەوە دەفری گەورە (مەنجەڵ، تەشت، بێژینگ.. بەدەست دەگرن و بەڕیز لەلایەکی رەوسەکەوە دەفرەکانیان پڕ گەنم دەکەن و لە رەوسەکەی جیادەکەنەوە، بە کۆمەڵی جیاجیا رووی دەکەن هەر جارێک کە کارکەران کەرەتێک گەنم دەور دەکەنەوە و بە جیا رووی دەگەنەوە (دەست)ی پێ دەڵێن.

بەشی زەریانە (موڵکانە- بەشی ئاغا) لە (دە) دەست دەستێکە یان دووان، بەپێی کات و شوێن بەشی خاوەن زەوی بە جیا لەسەر یەکدی رووەدەکرێت، سەپانانە لە (٥-٦) دەست، دەستێک، بەگوێرەی کات و ناوچەکە ئەویش لەسەر یەکدی رووەدەکرێت، دواتر بەپێی ژمارەی سەپانەکان دەکرێتە بەش بەش و تیرووپشکی لێ دەکەن ئەوەی دەمێنێتەوە بەشی جووتیارەکەیە، زەکات دەیەکی کۆی خەرمانەکەیە، بەڵام لە بەشی جووتیار دەردەکرێت، لە کۆتایی کارەکە دەستێک بەجیا رووەدەکەن بە(ربە) یا تەنەکە دەیپێوون بۆ ئەوەی بزانن خەرمانەکەیان چەندی کردووە، یان یەک و چەندی بڕیوە گریمان سەرجەم دەستەکانی خەرمانەکە بیست دەست بێت هەر دەستێکیش ١٦ ربە (ربە: قەبارەیەکی پێوانەی گەنمە، نزیکەی هەشت کیلۆگرام دەردەچێت) ئەوکاتە سەرجەم بەرهەمی خەرمانەکەدەکاتە (١٦) ربە جاران ٢٠ دەست=٣٢٠=دە عەلبەی دەشتی هەولێر عەلبەیەک دەبێتە زەکات، عەلبەیەک دەبێتە زەویانە..

لەکاتی بڕکردندا، سەردەستەی کارکاران بەتەنیا، دەستەکان بەهۆنراوە دەژمێرێت و کەسیش لە دوای نایگێڕێتەوە دەقەکەیشی بۆ ئەوە رێکخراوە کە لە کاتی ژماردنی دەستەکان (کەرەی پێوان و جیاکردنەوەو رووکردنی دانەوێڵەکەیان) بە راشکاوی لە گوێدا بزرینگێتەوە هەموویان ئاگادارین و هەڵە نەکەن، لەکاتی بڕکردن و پێوانەدا بابەتی ئاینی پاڕانەوەو داواکردنی بڕشت و بەرەکەت کەمکردنەوەی کاریگەری چاوپیسی و ناشرینکردنی مرۆی رژدو پیسکە پیاوان.. دەردەبڕێت:

یەک: یەک یەک، لە شەیتانی بشکێ نێک..
جومگەی دەربێن لەبەریەک
کوڕی کوێردڵی ناڕێک.. باوک و کوڕان دەکا لێک
یەک: یەک یەک، یەک خودایە بەتەنێ.. چاک بەچاکەی دەگەنێ.
کردەو کارت بای چەند بێ. کرێ و نرخت دەدەنێ.
لە دونیادا داو دزێیت... کەمتیار هێرشت دەکەنێ.
دوو، دوو دوو. لە شەیتانی رەشبی روو...
پاشەڵتەڕی قوون بە گوو،
وردکەو پورتکەی کەتنە دوو... هەڵیانبڕی زوو بە زوو،
کلکی دەناو کەڵی نا... هەتا گەییە گۆرەتوو.
سێ: سێ سێ، یاپیری ماڵ لە قودسێ..
بەرەکەت بێ بۆ رەوسێ.
خوا بیدا شاپینووسێ. چاوی چاوپیس بنووسێ.
باراش بەپشتی ئەسپان. بگاتە ئاشی سوسێ.
چوار: چوار چوار، بەئەشقی هەر چوار یاران..
بگرن دەستی بێ چاران
ئاودێری دێمەکاران.. وەک تاوی تەرزەو باران
بەرەکەتی کەناران.. داباری بۆ هەژاران..
پێنج: پێنج پێنج، پێنج فەرزەکەی خودایە..
ناوی جوانی ئەڵایە.
بەخۆی تاک و تەنیایە.. چ دانانی دانایە!؟
دین دینی مستەفایە.. لەچاو دینان چرایە.
شەش: شەش شەش، محەممەدە گوڵی گەش...
نەفرەت لە پیاوی دڵڕەش.





سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر

خودا بە مەزنایەتیت.. بەندەکەت نەکەی بێ بەش
سەربرانەمان دەوێ... شەکە قەڵەوی تەبەش
حەفت: حەفت، حەفتسەدو حەفتا هەزار..
درووددی پاک بۆ دیدار
خێروخۆشی بە خەروار.. شیرو هەنگوین
بەرووبار بۆ رەشماڵ و گوندو شار
هەشت: هەشت، هەشتێ و هەشتی بەهەشت..
ئاتمان دەدا دەرودەشت،
بارانی رێژنە و بای وەشت.. خەرمانی خێری هەڵڕشت.
خەڵاتی خلوەکێشە... پەری و خۆشاوی بەهەشت

نۆ: نۆ نۆ، نەوەو نەوزادەی نەبی.. هەردوو دونیامان هەبی.
نان و ئاومان کەم نەبی.. خۆشی و هەرزانی دەبی.
شۆفار رکن و بەدکار.. بەتەڵەی گورگان وەبی.
دە: دە دە، دانەبڕێن لە رێداران.. رێ و دەراوی دینداران،
شای پاشاو فەرماندارانی.. ناندەری نادیاران.
ئەوەی تۆ نانی نەدەی.. تێرناکرێت بە هەزاران.
یازدە: یازدە، یەزدانی تاک و تەنیایی...
دانەری رۆژو شەوی.
پشتی بێ پشتیوانان.. بێ کەس و خواردن و خەوی.
ئەوەی ئەتۆ لێی نەخەی... بەبەندان لێ ناکەوی.

ئەوەی شایانی لەبیرنەکردنە، ژمارە سێزدە بەشووم دەزاندرا، بۆیە لە بری (سێزدە)، (زیادە) دەگوترا. ژماردنەکە هەر تاکو بیست دەگوترا کە دەگەیشتنە بیستەمی یەکەم دەگوترا (داریە یەک) ئینجا دووبارە لە یەکەوە دەستیان پێی دەکردەوە. کە بۆ جاری دووەم دەگەیشتنەوە دەستی بیستەم دەگوترا (داریە دوو)، هتد..

زۆرینەی دەقەکانم لە بەڕێزان حاجی عوسمان یاسین حەمەد تەڕاح- باداوە، هەولێر. حاجی قەرەنی عەزیز مستەفا- مامۆستایان، هەولێر. وەرگرتووە کەتەمەنیان لەسەرووی حەفتا سالییەوەیە.